# کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت پێویستیان بە ئاوڕدانەوەی زیاتر هەیە

**بەپێی ئامارەکان نزیکەی 104 هەزار کەس واتە 2%ی هەموو دانیشتووانی هەرێمی کوردستان خاوەن پێداویستیی تایبەتن**



**گۆڤاری گوڵان ڕەنگە ئەگەر سەدان جار کاری لەسەر دەستەبەرکردنی مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت نەکردبێت، ئەوا دەیان جار باسی کێشە و ئاریشەکانی ئەو توێژە ئازیزەی کۆمەڵگەی کردووە و لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام نەک هەر ئەو گرفتە کۆمەڵایەتییە، بگرە هەموو زانستی کۆمەڵایەتی نیازی بە دووپاتکردنەوەی هۆکار و ڕێکارەکانی چارەسەری گرفتەکان هەیە، هەتا بکارین، کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو بونیاد بنێین، بۆیە جارێکی دی لەم ڕاپۆرتەدا هاووڵاتیانی خاوەن پێداویستی تایبەتمان بەسەر کردەوە، هەتا بیبنەوە بە پردی گەیاندنی خواست و داواکارییەکانیان بە لایەنی پەیوەندیدار و تاکی کۆمەڵگەی خۆشمان پتر هان بدەین کە زیاتر گرنگییان پێ بدەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بەپێی دوایین ئامارەکان، ژمارەی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەرێمی کوردستان دەگاتە نزیکەی ١٠٤ هەزار کەس، ئەمەش دەکاتە ٢.٪ی هەموو دانیشتووان. ئەگەرچی لە هەرێمی کوردستان بە یاسا مافی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستیی تایبەت پارێزراوە، بەڵام هەر کام لەوان بەدەست دەیان گرفتی لابەلاوە دەناڵێنن و باسی ئەوە دەکەن کە هێشتا کەلتوور و نەبوونی هوشیاریی تاك، گورزی گورچکبڕ دەسڕەوێنێتە ڕۆحی کەمئەندامان، بۆیە داوای ئاوڕدانەوەی جددی و هاریکاری زیاتر لە حکومەت و هاووڵاتیان دەکەن.

هێور عەلی گەنجێکی خاوەن پێداویستیی تایبەتە و وەك خۆی باسی کرد، بەهۆی دەرزی لێدانەوە لە کاتی منداڵی قاچەکانی پەکیان کەوتووە، سەبارەت بە ئاریشەکانی ڕۆژانەی خۆیشی دەڵێت: «ئێمە چینێکین لە هەموو ڕوویەکەوە لە نێو کۆمەڵگە پەراوێز خراوین، تەنانەت بۆ لایەنی خوێندنیش مافمان پێشێل کراوە، لە ناوەندەکانی خوێندن هیچ جۆرە ئاسانکارییەك بەدی ناکەین، بگرە کەمئەندام هەیە، دوای ئەو هەموو ماندووبونە زۆرەی تا گەیشتووە بەم ئاستەی خوێندن، واز لە خوێندن دەهێنێت، دوای تەواوکردنی زانکۆش ئەوا دووبارە ئەو ستەمە لەسەر ئێمەی خاوەن پێداویستی زیاتر دەبێت، بە هۆی جیاوازبوونمانەوە، بۆیە نە لەلایەن حکومەتەوە دادەمەزرێین و نە لەلایەن کۆمپانیا ئەهلییەکانەوە وەك فەرمانبەر وەردەگیرێین.»

تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی یاسایی و پاراستنی مافی مروڤ، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «مافەکانی مرۆڤ بە گەڕانەوە بۆ سەرجەم بەڵگە نێودەوڵەتییەکان و جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و هەردوو پەیماننامەی نێودەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و مافە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوورییەکان بە شێوەیەکی یەکسان ئاماژە بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ دەکات، بە شێوەیەك کە بەها و کەرامەتی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێت، وەکو بنەمایەك بۆ دادپەروەری و ئازادی لە کۆمەڵگەدا، لەم ڕوانگەیەوە کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت (کەمئەندامان) بە هەمان شێوەی مرۆڤێکی ئاسایی پێویستە

کە سەرجەم مافەکانیان بۆ دابین بکرێت و فەزایان بۆ خۆش بکرێت، تاکو مافەکانیان بەرجەستە بکەن و بەشداری و رۆڵی کارایان لە کاروبارە گشتییەکانی دەوڵەتدا هەبێت، نەبوونی ئەندامێك، یان چەند ئەندامێکی لەشی مرۆڤ نابێتە هۆی دروستبوونی ئاستەنگ لە بەردەم یەکسانی لە ماف و ئەرکدا، هەر جیاکارییەك لە مافی ئەم بەشەی کۆمەڵگە بە پێشێلکاری دادەنرێت. بۆیە گرنگە کە سیاسەت و ستراتیژیەتێکی تایبەت لەسەر بنەمای دۆکیۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن دەوڵەتەوە ئامادە بکرێت، بۆ رەخساندنی دەرفەتی کارو باشترکردنی ژیانیان و فەراهەمکردنی پێویستیەکانیان لەسەر بنەمای جۆری یەکسان و هەروەها جۆر و تایبەتمەندیی هەر کەسێکی کەمئەندامیش لەبەر چاو بگیرێت.» گوتیشی: «دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی پێویست و تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت ئەرکی دەوڵەتە و دەبێت هەر لە سەرەتاوە هەوڵ بدرێت، ژینگەی خوێندن کە مافێکی سەرەکییە بۆ منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت فەراهەم بکرێت، چونکە جیا لە رێککەوتننامەی تایبەت بە کەسانی کەمئەندام، رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵیش ئاماژەی پێ کردووە و لایەنی تەندروستی و خزمەتگوزاری بە هەمان شێوە کە لە بەڵگە نێودەوڵەتییەکاندا جەختی لێ دەکرێتەوە، ئەرکی دەوڵەتە کە گرنگی پێ بدات، لە بەر ئەوەی ئەو کەسانە زیاتر و رەنگە دوو هێندەی خەڵکی ئاسایی پێویستییان بەو دوو لایەنە گرنگە هەیە.» ئەوەشی خستەڕوو کە کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (٢٠٠٦) رێککەوتننامەیەکی دەرچوواندووە و ساڵی (٢٠٠٨) چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە و تا ئێستا نزیکەی (١٥٩) دەوڵەت پەسەندیان کردووە، بە گوێرەی رێککەوتننامەکەش پێویستە دەوڵەتانی ئەندام، گەرەنتیی سەرجەم مافەکانی مرۆڤ بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەن. بە پشتبەستن بە دەوڵەتی عێراق بۆ ئەم رێککەوتننامەیە، پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١)ی دەرکرد، کە تایبەتە بە ماف و ئیمتیازاتی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، بەڵام لەگەڵ بوونی یاساکە، تا ئێستاش پێشێلکاریی بەرچاو لەسەر مافەکانی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت هەیە، لە هەموو لایەنێکەوە و ناتوانین بڵێین کە مافەکانی مرۆڤ هەر بە شێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکان بۆ ئەم کەسانە دابین کراوە، چ جای ئەوەی کە یاساکەش بەراورد بە گۆڕانکارییەکان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە.»

ماجید خەلیل مامۆستاي زانکۆ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «بە هەموو پێوەرێکی مرۆڤانە و رەوایانە پێویستە و ئەرکمانە چانسی ژیانێکی نۆڕماڵ و شایستە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکەین. « هاوکات دەڵێت: «کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بە درێژایی مێژوو سەلماندوویانە کە کەشێکی بەهارین بۆ سەوزبوونی بەهرە و باوەڕبەخۆبوون، کە ڕەگەزێکی سەرەکیی جوانکردنی مانای ژیانە لە داهێنان و هونەر و ئەندێشەدا.» گوتیشی: «تا دوای جەنگی دووەمی جیهانی هیچ ئاوڕێکی جددی لە جەستەی مرۆڤیکی کەمئەندام نەداراوەتەوە، پاش ئەوەش بەکاوەخۆ و لەگەڵ بەرەوپێشچوونی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیدا، ئەوانیش لە وڵاتانی خۆرئاواوە خەمی مرۆڤانەیان بۆ هاتە بوون. ئەوڕۆ سیستەمەکانی سەردەم، رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ سایەیەکی سەر مافەکانی مرۆڤی کەمئەندامن، وەلێ لە وڵاتانی جیهانی سێ و تازە پێگەیشتوودا، هێشتا پێکهاتە ئیتنی و ئایینییەکان مرۆڤی تەندروستیش وەك کەمئەندامان دەخەنە پەراوێزی مرۆڤبوونەوە. لێرەیش ئەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆرییەت و تۆتالیتارو فاشیزم و رادیکاڵییەتی ئایین دەیانجووڵێنێ، هێشتا ژیان بە کامی کەمئەندام ناسووڕێ. هێشتا لە هیچ پێوەرێکی ئەندازەیی، هیچ تەکنەلۆژیایەکی سەردەم، هیج تەرفیهیات و پارك و گەشەیەکی بازاڕدا، بوار بۆ کەمئەندام نەکراوەتەوە، کەمئەندام مەرجی کرێکار و خاوەنکاری تیا نییە، هێشتا کەلتوور گورزی گورچکبڕ دەسرەوێنێتە رۆحی کەمئەندام. بۆ تێپەڕاندنی ئەو یاسا و نەریتانە، بەڵام هۆشیاریی تاك، پەروەردە، پەیامی سیستەمەکان و یاساکانی پەرلەمان و ویژدان، سەنگی

مە حە کی

تێپەڕاندنی

ئە و



**پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە (٢٢)ی ساڵی (٢٠١١)ی دەرکرد، کە تایبەتە بە ماف و ئیمتیازاتی کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، بەڵام لەگەڵ بوونی یاساکە، تا ئێستاش پێشێلکاریی بەرچاو لە سەر مافەکانیان هەیە**

**بە هەموو پێوەرێکی مرۆڤانە و رەوایانە پێویستە و ئەرکمانە چانسی ژیانێکی نۆڕماڵ و شایستە بۆ کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دابین بکەین**

**کەسانی خاوەن پێداویستیی تایبەت بە درێژایی مێژوو سەلماندوویانە کە کەشێکی بەهارین بۆ سەوزبوونی بەهرە و باوەڕبەخۆبوون، کە رەگەزێکی سەرەکیی جوانکردنی مانای ژیانە لە داهێنان و هونەر و ئەندێشەدا**

دۆخەن کە خاوەن پێداویستیی تایبەتیان پەراوێز خستووە.»

د. نادیە تەلعەت، مامۆستای زانکۆیە و هێما بۆ ئەوە دەکات کە «خاوەن پێداویستیی تایبەت بە پێناسەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئەو مروڤانەن کە لەبەر ناتەواویی باری جەستەیان، یان بیرکردنەوە، یان نەبوونی هەستێك لە هەستەکانیان کە دەبێتە ڕێگر لە بەشداریکردنی کارای ڕۆژانەیان و چالاکییان کەمتر دەبێت. کەم ئەندامێتی مروڤ دابەش دەبێت بۆ چەند جۆرێك لەوانە کەم ئەندامێتی جەستەیی، کەم ئەندامێتی لەدەستدانی هەستەکانی مروڤ، کەم ئەندامێتی عەقڵی، هەر جۆرێك لەم جۆرانە ئەگەری تووشبوونیان، یان لە زگماکی یان لە کاتی بەسەربردنی روژگاری تەمەن تووشی مروڤ دەبێت، واتە دەکرێت منداڵ و گەنج و پیر ڕووبەڕووی یەکێك لە جۆرەکانی کەمئەندامی ببنەوە، بۆیە پێویستە بۆ هەر تەمەن و حاڵەتێکی کەمئەندامی لەلایەن خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەتەوە مامەڵەی تایبەتیان لەگەڵدا بکرێت، ئەگەرچی بوونی خاون پێداویستیی تایبەت لە هەر ماڵێك، ئەرکی ئەو خێزانە زۆر قورس دەکات و تێکڕای ئەندامانی خێزان باجی ئەو ئەرکە قورسە دەدەن.» ئەو ڕێگایانەشی بۆ هاوکاریی خاوەن پێدوایستیی تایبەت دەستنیشان کرد:

١-دابینکردن و پڕکردنەوەی پێداویستیی ماددی.

٢- دابینکردنی شوێنی تایبەت بۆ خوێندن و هەموو پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامە.

٣-دابینکردنی شوێنی چاودێریی تایبەت و نەخۆشخانە و دەرمانی پێویست.

٤- ئاسانکردنی هاتووچۆی ڕۆژانە، لەوانە ئۆتۆمبێلی تایبەت.

٥-پشتگیریی ماددی و مەعنەویی خێزانەکان، تا بتوانن پێداویستی منداڵە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکەیان فەراهەم بکەن.

٦ پاراستنی مافی کەمئەندامان و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە نێو کۆمەڵگە بە مەبەستی ڕێزگرتنی ئەو توێژە و نەبنە هۆی برینداركردنی هەستیان.

٧. دامەزراندنیان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆ ئەوانەی توانای کارکردنیان هەیە، تاوەکو چیدیکە بەسەر خێزانەکانیانەوە نەبنە بارگرانی.

**لە وڵاتانی جیهانی سێ و تازە پێگەیشتوودا، هێشتا پێکهاتە ئێتنی و ئایینییەکان مرۆڤی تەندروستیش وەک کەمئەندامان دەخەنە پەراوێزی مرۆڤبوونەوە**

**هێشتا لە هیچ پێوەرێکی ئەندازەیی، هیچ تەکنەلۆژیایەکی سەردەم، هیچ تەرفیهیات و پارک و گەشەیەکی بازاڕدا، بوار بۆ کەمئەندام نەکراوەتەوە**

**هۆشیاریی تاک، پەروەردە، پەیامی سیستەمەکان و یاساکانی پەرلەمان و ویژدان، سەنگی مەحەکی تێپەڕاندنی ئەو دۆخەن کە خاوەن پێداویستیی تایبەتیان پەراوێز خستووە**

